# بەرپرسێك دوو داوالێکراو لەماڵەکەی خۆی دەشارێتەوە

بەگوێرەی هەواڵەکان بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان دوو داوالێکراوی لە ماڵەکەی خۆیدا حەشارداوەو ئامادەش نیە ڕەوانەی بەردەم دادوەریان بکات.

بەگوێرەی هەواڵەکان ئە دوانە یەکیان ناوی (ئ.ن)ەو ئەفسەرە لە سوپای کەرکوکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوی دیکەش برای ئەفسەرەکەیەو هەردووکیان بەوە تۆمەتبارن کە لەسەر شەڕە منداڵ تەقەیان لە ماڵێك کردووەو کەسێکیان بەناوی (ئا. ڕە) بریندار کردووە. بریندارەکە لە نەخۆشخانە خەوێندراوەو برینکەی سەختەو تەندروستی لە مەترسی دایە.

زانیاریەکان باس لەوە دەکەن کە لە سەرەتای هەفتەی ڕابردوو دوو بنەماڵە لە ئۆردووگای بنەسڵاوەی نزیك شاری هەولێر بەهۆی شەڕی نێوان منداڵانەوە لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دێن، ئەفسەرەکەو براکانیشی بەو هۆیەوە دێنە ناو شەڕەکەو تەقە لەماڵی بەرانبەریان دەکەنو کەسێك بریندار دەکەن، بەڵام خۆیان تەسلیم بە پۆلیس ناکەنو لە ماڵی بەرپرسێکی گەورەدا خۆیان دەشارنەوە.

# فڕۆکەکانی ئەمریکا بیرە نەوتێك بۆردومان دەکەن



کاتژمێر 21ی ڕۆژی 15-9-2006 دوو فڕۆکەی هەلی کۆپتەری ئەمریکی پەلاماری بیرە نەوتی (مارداران)ی ناوچەی گەرمیان دەدەنو ئاگر بارانی دەکەن. بەگوێرەی هەواڵەکان هێزەکانی پاسەوانی بیرە نەوتەکە فەرمانی ئەوەیان پێنەبووە کە تەقە لە هەلی کۆپتەرەکان بکەن بۆیە بۆ دەربازکردنی گیانی خۆیان لەشوێنەکە دوور کەوتوونەتەوە.

بەرپرسانی دەوڵەتی سەرسوڕمانی خۆیان لەو کردەوەیە پێشان داوە، چونکە ناوچەکە ئارام بووەو هەواڵی ئەوەش بە هێزەکانی ئەمریکی نەدراوە کە تێکدەرو تیرۆریستان نیازی پەلاماری بیرە نەوتەکەیان هەبووبێ. هەرچەندە هێرشەکە هیچ زیانی گیانیو ماددی لێنەکەوتۆتەوەو هێزەکانی ئەمریکاش هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان سەبارەت بەو هێرشە نەداوە.

## هەواڵی سەرپێی

* چەمچەماڵ بەرەو توندی تیژی هەنگاو دەنێتەوە.. لەماوەی مانگێکدا لە شاری چەمچەماڵ چەندەها شەڕو کاری توندو تیژی دروست بووە کە هەموویان نیشانەی ئەوەنو ئاماژە بەوە دەکەن بێ کاری لاوانو نەبوونی شوێنی تایبەتی بۆیانو گرنگی نەدانی ئاسایش بەو خەڵکانەی کە لە کۆڵانەکان ماڵان بێزار دەکەن هۆکاری پشت ئەو ڕووداوانەن، ئەمە جگە لە گاڵتە پێکردنی خەڵکی بە مۆبایلو چارەسەر نەکردنی ئەوکێشەیە لە سەنتەرەکانەوە. لەوکارە توندو تیژیانەش. وەستایەکی کۆنکرێتچیو خاوەن ماڵێك تەقە لە یەکتر دەکەن، شەڕە منداڵ دووماڵ دەگرێتەوە.

* ئێوارەیەك لە بەردەم پۆلیسخانەی چەمچەماڵ ئۆتۆمۆبیلێك کە شۆفێرەکەی ناوی (س) بوو بە مخالفی خۆی لە گەلابەیەك دا، هێشتا ئەو دانەبەزیبوو شەڕی دەکرد. شایانی باسە زیاتر لە15 پۆلیس و خەڵکێکی زۆر لەنزیك ڕووداوەکە بوون، چارەسەری ئەو کوڕەیان پێنەکرا، پۆلیسەکانیش پێینەوێران، هەتا برا گەورەکەی هاتوو بە پاڵ کردییە مەرکەزەکەوە. تومەز ئەمە برای (.....)بوو .

* بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنەرو دابەشکردن لە کەرکوك لەسەر کارەکەی لابرا، ئەندازیارێکی کوردی جێگری خۆی کە بڕوانامەکەیو ساڵانی خزمەتی زۆر هەیە بۆ ئەو شوێنە پێشنیارکرا، دوای هەولێکی زۆر ڕازی بوون، بەڵام دواتر ئەویش بوو بە قوربانی کوتلەی حزبیو یەکێکی دیکە بەوەکالەت دانرا.

* ڕۆژی 7-5-2006و ڕۆژانی دوایی پێشانگەیەکی کتێب لەکتێبخانەی چەمچەماڵ کرایەوە، بەهاوکاری کتێبخانەیەکی بەناوبانگی سلێمانی، شایانی باسە هەر کەسێك بچووبایە بۆ ئەو پێشانگەیە دەتگوت کتێخانەی ئێران یان سوریایە، نزیکەی (90) لەسەدی کتێبەکان عەرەبیو ئیسلامیو فارسی بوون.

* مامۆستایەکی ناوەندی چەند ساڵێك پێش ئێستا کەوتە ژێر لێکۆڵینەوەو سەبارەت بە بڕوانامەی خۆی، ئەم ساڵ لەتاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا تەنها لەبەرخاتری خوێندنەوەی پرسیارەکانی یەك بابەت سوپاسنامەیەکی ڕەسمی بۆ هاتۆتەوە، ڕەنگە خوێندنەوەکە حەلو شەرعێکی باشی لەگەڵدابووبێ.

*ڕۆژی 5-9-2006 دوو کۆپتەر بەسەر ئاسمانی گوندی خاڵۆبازیانی ناوچەی قەرەحەسەندا تێپەڕ دەکەن، چەند تەقەمەنیەك فڕێدەدەنە خوارەوە، دەبێتە هۆی سووتانی پوشو پەلاشێکی زۆرو بەشێك لەباخەکان، ئەم کارە خەڵکی گوندەکەو ناوچەکەی تەواو نیگەران کردووە، ئەمە یەکەمجارنییە کاری لەم شێوەیە بکەن خاڵۆبازیانی گەورەترین گوندی پارێزگای کەرکوکە، خاوەنی باخو بێستانێکی زۆرەو خەلکی خەریکی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەن، بەڵام هەندێ کەس بەسەیرەوە دەڵێن ئەم کۆپتەرانە کۆپتەرە کۆنەکانی جارانمان بە بیر دێننەوە.

*ڕۆژی 8-9-2006 زیاتر لە 25 قوتابی دەرچووی پۆلی شەشەمی سەرەتایی کە دانیشتووی گەڕەکی پیریادیەکانی ناحیەی شۆڕشن، چوونە سەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ، سکاڵایان کرد لەسەر ئەوەی لەناوەندییەکانی لای خۆیان وەرناگیرێنو دەبێ بچن بۆ قادر کەرەمییەکان کە زۆر دوورە لێیانەوە. لە وەڵامدا پێیانگوتوون دەبێ هەر بڕۆن یان خێمەتان بۆ هەڵدەدەین. دواتر سەردانی بەڕێوەبەری ناحیەیان کردووەو بەڵێنی داوە لە کێشەکەیان بکۆڵێتەوە. لەساڵی 1987ەوە تا ئێستا یەك بینای نوێ لەو شارۆچکەیە نەکراوە جاچۆن جێگە دەبێتەوە.

# نەفرەت لە تیرۆریست و تیرۆرپەروەران

ڕۆژی 12-9-2006 لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا 11 کەسی سڤیلی شاری دیاربەکر گیانیان لەدەستداو 15 کەسی دیکەش بریندار بوون، شەش لە قوربانیەکان منداڵن، لەو پێوەندیەدا، لەکاتێکدا داخباری خۆمان دیار دەکەینو پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بە بنەماڵەی قوربانیەکان ڕادەگەیەنینو هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین، لە هەمان کاتدا ئەو کردەوە تیرۆریستیە ڕیسواو مەحکوم دەکەینو نەفرەتیش لە تیرۆریستو تیرۆرپەروەران دەکەین.

لای هەمووان ئاشکرایە کە دەوڵەتی تورك بە درێژایی 90 ساڵی ڕابردوو زۆر دڕندانە نکۆڵی لە هەبوونی نەتەوەی کورد کردووەو بە هێزی ئاگرو ئاسن وەڵامی داخوازیە ڕەواکانی گەلی باکوری کوردستانی داوەتەوە، بەڵام هەوڵەکانی دەوڵەتی تورك ناکام ماوەتەوە، بۆیە ئێستا بە بەرنامەیەکی تۆکمەترەوە تیرۆری دەوڵەتانی لەبەرانبەر خەڵکی سڤیلی کوردستانو ئازادیخوازان بەڕێوەدەبات. دەوڵەتی تورکیا لە کاتێکدا بەرەو باوەشی ئەورووپای یەکگرتوو ڕادەکاتو خەون بە ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپاوە دەبینێ لە جیاتی ئەوەی پێشمەرجەکانی ئەو یەکێتیە پەسند بکاتو دان بە مافی ڕەوای نەتەوەکان دابنێ، کەچی لە ڕێگەی گروپە تۆرانیەکانەوە ترسو تۆقاندن بەسەر خەڵکی سڤیل دادەبارێنیو بەرنامەڕێژی بۆ کردەوە تیرۆریستیەکان دەکات.

دەوڵەتی تورکیا نەك دان بە ڕاستیەکان دانانێ، بەڵکو چەواشەکاری لەبەرانبەر ڕای گشتیو جیهانیان بەڕێوە دەبات، ئەوەتا گروپێکی توندڕۆی تورك بەرپرسیارێتی کردەوە تیرۆریستیەکەی دیاربەکری لە ئەستۆی خۆی گرتووەو هەڕەشە لەکورد دەکاتو بەوە دەیترسێنێ کە 10 کوردی سڤیل لە جیاتی هەر سەربازێکی تورك دەکوژێتەوە، کەچی سەرۆکوەزیرانی تورکیا پاکانە بۆ ئەو گروپە فاشیە کە بەرپرسیارێتی کورد کوژیەکەی لە ئەستۆ گرتووە، دەکاتو هێزە کوردستانیەکان تۆمەتبار دەکات. دیسانەوە هەر لەو پێوەندییەدا داوا لەڕای گشتی جیهانو تێکڕای ئازادیخوازانی جیهان دەکەین کە هاوسۆزی دەگەڵ گەلی کوردستان بنوێننو دەوڵەتی تورکیاش ڕیسواو مەحکوم بکەن. ئێمە هیواخوازین کە دەوڵەتانی جیهان چیتر لە پەنای بەرژەوەندەکانی خۆیانەوە لە ئاست تاوانەکانی دەوڵەتی تورکیا چاو دانەخەنو گوشاری خۆیان چڕ بکەنەوەو ناچاری بکەن کە دەست لەڕەشەکوژی خەڵکی سڤیل هەڵبگرێ.

**سڵاو بۆ گیانی پاکی قوربانیەکانی کارەساتی 12ی ئەیلول.**

**سڵاو بۆ خۆڕاگری گەلی باکوری کوردستان.**

**نەفرەت لە تیرۆریستو تیرۆرپەروەران.**

**مەکتەبی سیاسی — حزبی ڕزگاریی کوردستان**

**مەکتەبی سیاسی — پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

2006-9-14

# سەبارەت بە کرمانجی 164 نووسەرو ڕۆژنامەوان نامەیەك بۆ سەرۆکی هەرێم دەنێرن

دوای ئەوەی لە مانگی ڕابردوودا دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە زاراوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی) وەکو زمانی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسند کراوەو لەمەوبەدوا تەواوی نووسراوەکانی دەوڵەت بەو زاراوەیە دەبنو لە فێرگەکانیشدا بەو زاراوەیە دەخوێندرێ، ڕەوەندی نووسەرو ڕۆژنامەوانانی کرمانجینووس دووچاری تاسانو خرۆشان هاتن، دەیان پرسیار لای ئەو کوردانەشەوە دروست بوو کە بە کرمانجی دەئاخفن، هەرچەندە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانو بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ئەو دەنگۆیەیان ڕەتکردوەوەو بە ناڕاستیان دانا، کەچی دیسانەوە سەبارەت بەو مەسەلەیە زیاتر لە 164 نووسەرو ڕۆژنامەوان نامەیەکی تایبەتیان بۆ ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناردووە، لە نامەکەیاندا هاتووە: (وەك ئێوەش دەزانن کە کرمانجی زمانی زۆرینەی کوردانە، چ لە کوردستانو چ لەدەرەوەی وڵات دا، ژمارەی ئەوانەی بە کرمانجی دەدوێن لە 70٪ی کوردان تێپەڕ دەکات، ئێمە هیواداریـن بۆ پاراستنی کرمانجی زمانێکی باش ئامادەبکرێ تاوەکو شان بەشانی سۆرانی بەرەو ژیانو گەشبوونەوە بڕوات).

ئەو نامەیە لەلایەن دەیان نووسەری ناوداری وەك (دکتۆر زەردەشت حاجۆ، مەدەنی فەرحۆ، سەعید دێرەشی، ئەحمەدێ حوسەینی، ئەسکەرێ بۆیك، ڕۆزا کوردو دکتۆر عارف حیتۆ) ئیمزاکراوە.

## سوریا :

# لاوێکی کورد لە سەربازخانە دەکوژرێ

هەواڵەکان: لاوێکی کوردی دانیشتووی شاری قامیشلو بەناوی (خ.س)، تەمەنی 19 ساڵ لە کاتێکدا لە یەکێ لە سەربازگەکانی سوپای سوریا ئەرکی سەربازی ئەنجام دەدا کوژراو لە ڕۆژی 6-9-2006 بنەماڵەی قوربانیەکە ئاگادارکراونەتەوە کە کوڕەکەیان مردووە، بەڵام کاتێ تەرمەکەی وەردەگرنەوە دەبینن شوێنی خنکاندن بە گەردنیەوە دیارە. بەرپرسانی سارزخانەکە ئامادە نابن هیچ ڕونکردنەوەیەك سەبارەت بەو ڕووداوە بە بنەماڵەی قوربانیەکە بڵێن.

ئەوەی شیاوی باسە ئەمە یەکەمین ڕووداو نییە کە کوردێك لە سەربازی بکوژرێ، بەڵکو لە ڕابردووشدا دەیان جار ڕوویداوە کە سەربازانی کورد لەلایەن ئەفسەرە عەرەبەکانەوە دەکوژرێنو سووکایەتیان پێدەکرێ.

# کۆڵبەرێك دەکوژرێ

هەواڵەکان: ڕۆژی 12-9-2006 کۆڵبەرێکی خەڵکی گوندی (دەرەتفێ)ی سەر بە مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی (کەمال کاردانی)، تەمەن 25 ساڵ لە لایەن سەربازەکانی سوپای کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تەقەی لێدەکرێو بریندار دەکرێ، دواتر کە سەربازەکان دەچنە سەریو دەبینن کۆڵبەرێکی ئاساییە وازی لێدەهێننو بەبرینداری بەجێیدێڵن، خەڵکی ناوچەکە بە هانای دەچنو بەرەو نەخۆشخانەی شاری مەریوان دەیگوازنەوە، بەڵام بەهۆی سەختی برینکەیو خوێنڕێژیی زۆرەوە گیان لەدەست دەدات.

سەرچاوەکان ڕادەگەیەنن کە ئەو قوربانیە خێزاندار بووەو منداڵێکی پەککەوتەشی هەیە، بۆ دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەی خۆیو خێزانەکەی لەسنووری مەریوان کۆڵبەری دەکرد.

# تەرمی ژنێك دەدۆزرێتەوە

هەواڵەکان: ڕۆژی 12-9-2006 لە گۆماوێکی نزیك شارۆچکەی گوێڕی سەر بە قەزای مەخموور تەرمی ژنێك دۆزرایەوە. بە گوێرەی قسەی ئەوانەی تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە قوربانیەکە تەمەنی لەنێوان 28 تا 32 ساڵان بووە، هیچ پێناسەو بەڵگەیەکی لەگەڵدا نەبووە، بەوهۆیەوە نەناسراوەتەوە، دواتر تەرمەکە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری هەولێر کراوە.

ماوەیەکە زۆر بەچڕی گوێبیستی خۆ سووتاندنی ژنانو دۆزینەوەی تەرمی ژنانی کوژراو دەبین، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری دروست کردووەو سەرچاوەی لەپیاو سالاریو پەسند نەکردنی یەکسانی نێوان ژنو پیاو گرتووە.

# پێشمەرگەیەك خۆی دەکوژێ

کاتژمێر 11ی ڕۆژی 12-9-2006 پێشمەرگەیەکی فەوجی 56ی لیوای تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوی (ی) لە کاتی دەوام لە وەزارەتی دارایی دەکوژرێ. هۆکاری کوشتنەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە گوایە ناوبراو دەمانچەی خۆی پاککردۆتەوەو گوللەیەکی لە دەست دەردەچێو بەرخۆی دەکەوێ، بەو هۆیەوە هەر دەمودەست گیان لە دەست دەدات. لەلایەکی دیکەشەوە هەندێك پێیانوایە کە قوربانیەکە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەیەو بە ئەنقەست خۆی کوشتووە.

# خوێندکارێکی دەرنەچووماڵئاوایی لە ژیان دەکات

ڕۆژی 12-9-2006 هەواڵی مردنی خوێندکارێکی تەمەن 15 ساڵ بە ناوی (د.ف) لە گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر بڵاوبۆوە. هەندێك مردنەکەی بۆ خۆخنکاندن دەگێڕنەوەو دەڵێن: قوربانیەکە لە تاقیکردنەوەی دەوری دووەمی پۆلی سێیەمی ناوەندی دەرنەچووە ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر داناوەو بڕیاری خۆ خنکاندنی داوە. لەلایەکی دیکەوە نزیکانی قوربانیەکە دەڵێن: ئەو ڕۆژە خوێندکارەکە دەگەڕێتەوە ماڵو هەواڵی دەرنەچوونی بە ماڵەوە ڕادەگەیەنێ، باوکیشی سەرکۆنەی دەکاتو گلەیی لێدەکات، ئەویش لە داخانا دەچێ لە ژوورێکی دیکە بە پشتدێن خۆی هەڵدەواسێو خۆی دەخنکێنێ.

# دوو ژن دەسووتێن

ڕۆژی 9-9-2006 ژنێکی تەمەن 16 ساڵ بە ناوی (ن.س) نەوت بەسەر خۆیدا دەکاتو خۆی دەسووتێنی. ڕێژەی سووتانەکەی زیاتر لە95٪ بووە، دوای 5 ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دەدا.

نزیکەکانی ئەو قوربانیە هۆکاری خۆ سووتاندنەکە بۆ پرتەو بۆڵەی خەسووی قوربانیەکە دەگێڕنەوە کە گوایە خەسووی گلەییو گازاندەی لە کچەکانی خۆی کردووە کە بۆچی کار ناکەنو دادەنیشن، ئەویش بە خۆی تێدەگاتو تووڕە دەبێ، بەمەش بڕیاری خۆسووتاندن دەدات.

لەلایەکی دیکەشەوە هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە هەر هەمان ڕۆژ کچێکی تەمەن 13 ساڵ بە ناوی (س. ك.ئە) دانیشتووی شارۆچکەی کەلار خۆی سووتاندووە، بەڵام چونکە سووتانەکەی بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر بووە هەر لە ڕێگەی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەست داوە.

ئەوەی شیاوی باسە لە سووتانی ئەو دوو قوربانیەدا سکاڵا لە دژی کەس تۆمار نەکراوەو قوربانیەکان خۆیان تۆمەتبار کراون بە سووتاندنی خۆیان.

# پاش 15 ڕۆژ لەهاوسەرێتی پێکەوە گیان لەدەستدەدەن

ژنو مێردێك کە تەنها 15 ڕۆژبوو ژیانی هاوسەرێتییان پێکهێنابوو. لەڕووداوێکی دڵتەزێندا، پێکەوە گیانیان لەدەستدا.

ژنو مێردەکە ناویان (هەنار خالیدو سەروەت سەعید)ە کە دانیشتووی گەڕەکی کانی سپیکەن، لەشاری سلێمانی پێکەوە لەگەڵ کەسوکاریاندا ڕۆژی هەینی 2006/9/15 بەمەبەستی سەیرانکردن چوونە ناوچەی شاربازێڕ.

بەوتەی سەرچاوەیەکی نزیك لەڕووداوەکە هەنار–ی تەمەن 17 ساڵ قاچی خلێسکاوەو کەوتۆتە ناو ئاوی چەمی خێوەتەوە کە بەدوو چەمان ناسراوە، پاشان مێردەکەی کە تەمەنی 19 ساڵە هەولێداوە ڕزگارییبکات، بەڵام هەردووکیان پێکەوە خنکانو پاش کاژێرێك تەرمەکانیان دەرهێنراوەتەوە.

جێگەی ئاماژەپێدانە لەماوەی 3 ساڵدا 12 هاووڵاتی لەناو چەمی خێوەتەدا خنکاون.

سەرچاوە: **pukmedia**

# مامۆستایانی ڕانیە هەڕەشەی مانگرتن دەکەن

ڕۆژی 14-9-2006 بەڕێوەبەرانی فێرگەکانی دەڤەری ڕانیە کۆبوونەوەو سەبارەت بەرەوشی بژێوی خۆیانو ئاستی پەروەردەو هەڵوێستی حکومەت بەرانبەر بە مامۆستایان گفتوگۆیان کرد. دوای گفتوگۆیەکی زۆر دەگەنە ئەو باوەڕەی کە دەبێ گوشارێکی بەهێز دەکاربکرێو حکومەت ناچاربکرێ تا ئاوڕێك لە مامۆستایان بداتەوەو وەڵامی داخوازییەکانیان بداتەوە، بەو هۆیەوە بڕیار دەدەن کە ئەگەر مووچەیان بۆ زیاد نەکرێو دەرماڵەی پێویستیان بۆ دابین نەکرێ مان بگرنو نەچنە فێرگەکانیان. دەوام نەکردنی مامۆستا کاریگەری خراپ لەسەر دەروونی فێرخوازان دادەنێو پرۆسەی خوێندنو پەروەردە پەك دەخات، بۆیە فێرخوازان هاوهەنگی لەگەڵ مامۆستاکانیان دەکەنو داوا دەکەن کە حکومەت وەڵامی داخوازیەکانی مامۆستاکان بداتەوەو مووچەیان بۆ زیاد بکات.